www.kurdistannet.org
11-10-2006 8:49:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەئاوی تەوبە ئاگری گوناح بکوژێنەوە**

توێشووی سالحان ,و حەسەن ئینجوینی ,ئوسترالیا

هاوڕێکەم بەرووبەکی گرژ و مۆنەوە هات بۆلام، خەمێکی زۆر لەنێو چاویا بەدی دەکرا، ئەوەی بی بینیایە دەیگوت: ئەمە خۆشەویستێکی لەکیس چووە، رووی سوور هەڵگەرابوو، فرمێسك لەچاوەکانیا قەتیس مابوو، خەمەکەی دڵ و دەروونی گووشیبوو، توانای قسەکردنیشی نەمابوو، تەنانەت توانای سەلامکردنی لەمن نەبوو..
زۆر لەبارەیەوە سەرسام ببوم! ئەم ئینسانە رووخۆشەی کە هەرگیز خەندە لەسەر لێوەکانی دوور نەدەکەوتەوە، وبە قسەی نەستەق هەمووی دەهێنایە بزەو خەندە، بۆ دەبێ وای بەسەر هاتبێ؟! زۆر بۆی بێتاقەت بووم، چونکە خۆشی ئەوم بەقەد خۆم لا مەبەستبوو ، بۆیە دەستم بەدڵدانەوەی کرد، تا بزانم چی لێ قەوماوە؟!
بەڵام هەر ئەوەند دەمم کردەوە بزانم بۆ وای بەسەرهاتووە، دەستی کردە پرمەی گریان، بەکوڵ دەگریا، هەرکەس بیبینیایە دڵی پێی دەسووتا!!

پێم گوت: برا! چیت لێ قەوماوە؟! هەندێ سەری لەقاند وگریانەکەی زیاتر بوو، لەناو گریەو زارییەکەیەوە چەند وشەیەك حاڵی بووم کە دەیگوت: ئاگر کەوتۆتە شوێنم، و رام ئەفرێنێ!! لەم قسەیە سەرسام ببوم، بۆیە خیرا پێم گوت: برام! چ ئاگرێك؟ ئاگری چی؟!
لەناو دەریایەك گریانا گوتی: دوێنێ شەو لەگەڵ هەندێ هاوەڵدا تا درەنگێ پێکەوە بووین، و گوناهێکی زۆرمان کرد، تاوانێکی زۆرمان ئەنجام دا، هەر ئەوەندەم خۆش بو تا گەیشتمەماڵەوە و سەرم کردە سەر سەرین، هەرچی سین و جیمە هێرشیان بۆ هێنام!! باشە من چی وەڵامی خوا بدەمەو ئەگەر ئێستا مردم؟! ئەگەر ئیستا تەمەنم کۆتایی هات چۆن رووم بێ بلێم: خوایە من بەندەی تۆم؟! نەم دەزانی چۆن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە؟! کەمێك بیرم کردەوەو ماندوویی زۆری بۆهێنام و چاوەکانم خەویان لێ کەوت، نازانم زۆرم پێ چوو یاکەم خەوم بینی، وام زانی مردم و خرامە ناو گۆر، ئالەوکاتەدا پرسیارەکانی پێش خەوتنم بیر کەوتەوە..
یەکێك بانگی کرد: ئێستا ئاگر دەت سووتێنێ، لەگەڵ بیستنی ئەو قسەیەدا ئاگرێکی بڵێسەداری گەورەم بینی، وەك ئەوەی لەهەرچوار لاوە بۆم بێت، هەرچی دەمویست رابکەم و لەدەستی هەڵبێم نەم دەتوانی، لەتاو ترس وئازاری ئەو خەوە سامناکە خەبەرم بوەوەو راچڵەکیم، ئالەوپادا تێگەیشتم کە ئەمە پەیامێك بوو بۆمن و وەڵامی پرسیارەکانی پێش خەوتنمی داوەتەوە، ئیتر لەوکاتەوە نەمتوانییوە بخەوم تا ئیستاش کە هاتووم بۆ لای تۆ، ئەوە حاڵمە کە دەی بینی!!
زۆر دڵم پێی سووتا وچاوم پربوو لەفرمێسك، منیش ئەوە دەهات بەخەیاڵما : ئەم برایەم وەزعی چ دەبوو ئەگەر خوا نەخواستە لەوکاتی گوناه کردنەدا بمردایە؟! پاشە رۆژی چ دەبوو؟ کاتێ کە منیش سەرم دانەواند و دەستم بەگریان کرد، گریانەکەی ئەو بەکوڵ تر بوو، تا کەوتە هەنسکدان، ئیتر زۆر بەزەییم پیایا هاتەوە، و ترسم لێ پەیدا بوو مەبادا تووشی شتێك ببێت، گرتم و باوەشم پیا کرد و گوتم: برای خۆشەویستم! دەرگای توبە ئاوەڵایە، خوای میهرەبان دەفەرموێ: ئەی پێغەممەر درووودی خوای لێ بێ پێیان بڵێ: ئەی بەندەکانم! ئەی ئەوانەی خۆتان گوناهبار کردووە، و هەڵەتان زۆر بووە، لەرەحمەتی خوا نائومێد مەبن، - چونکە ئەگەر ئێوە تەوبەی راستی بکەن- بێگومان خوا لەهەموو گوناه و هەڵەکانتان خۆش دەبێت، چونکە بەراستی خوا زۆر لێ بوردەیە و زۆر میهرەبانە: قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعاً إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ الزمر/52. هەروەها خۆی دەفەرموێ: ئەی ئیمانداران هەموو بەرەو لای خوا بگەرێنەوە، و رەزامەندی ئەو بەدەست بێنن، تا رزگار و سەر فراز بن. وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعاً أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ النور/31 .
بەشوێن ئەوەدا گوتی: ئاخر برام هەڵەیەکی زل و گوناهێکی گەورەم کردووە!!
گوتم: برای خۆشەویستم! خوا لەهەموو گوناه و تاوانی ئینسان خۆش دەبێت، هەرچەند ئەو گوناه وتاوانەش گەورەو زەبەلاح بێت، مادام ئینسان بەدڵ پەشیمان ببێتەوە، هەروەك خۆت دەزانی خوای میهرەبان روو لە تۆ و لەمن دەکات و لەفەرمووده قودسیەکەدا دەفەرموێ: ئەی ئادەمزاد! ئەگەر تاوانەکانت بگاتە ئاسمانەکان، و پاشان داوای لێ خۆشبوونم لێ بکەیت لێت خۆش دەبم و هیچ گوێ پێ نادەم!. يا ابنَ آدمَ لوْ بلَغَتْ ذنوبُكَ عنانَ السَّماءِ ثمَّ استغفَرْتَني غَفرتُ لكَ وَلا أبَالي. براگیان! هەر خوا خۆی لە قورئانا مژدەی پێداوین کە تەوبە لەوانە قبووڵ دەکات تەوبەدەکەن و بۆلای خوا دەگەرێنەوە و فەرموویەتی: فَمَن تَابَ مِنْ بَعْدِ ظُلْمِهِ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ اللَّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ . المائدة/39. ئەوەی دوای ستەم وتاوانەکەی تەوبە بکات و خۆی چاك بکات بێگومان تەوبەی لێ وەر دەگیرێ، چونکە بێگومان خوا لێبوردەو میهرەبانە. هەروەك شاعیر دەڵێ:
ئەی برا! بەدڵێکی زەبوونەوە بۆلای خوا بگەرێرەوە،و بەشەوانەدا بەچاوێکی فرمیسکاوییەوە هاواری لێ بکە، ئەویش بە لێبوردەیی فراوانی خۆی چاودێریت دەکات، و خراپەکانت بۆ دەگۆرێ بەچاکە، و پاداشتی خوا کۆتایی نایەت. ئەم هەموو لێبوردەییە بۆ بەندەی سەواب وەرگر، لەلایەن خالقی بوونەوەرەوە چاودێربۆ ئەوەی بەزوویی

پەشیمان دەبێتەوە. گوتم: برا! تۆبە بكەو لەخوا داوا بكە، و بڵێ: ئەی بەخشندەی خێرەكان، هێدایەتم پێ ببەخشە، چونكە هیچ شتێكی سوود بەخش بێ هیدایەت نابێ، بەلێبوردەیی و لوتف و رەحمەتی خۆت لەهەڵەكانم ببوورە، جگە لەتۆ كەس ئەو لێبوردنە جوانەی لەدەست نایەت..
بەچاوێكەوە كەهێشتا فرمێسكی تیا مابوو ، رەشبینییەكی زۆر بەسەر دەروونیا زاڵ ببو، گوتی: تۆ بڵێی: خوا لەگەڵ ئەو هەموو تاوانە گەورەیەما تۆبەكەم لێ وەر بگرێت؟!
گوتم: برام! لەرەحمەتی خوا هیوابراو مەبە، چونكە دەرگای تەوبە ئاوەڵایە، و مادام ئینسان نەكەوێتە غەرغەرە خوا تەوبەی لێ وەردەگرێت، ئەوەتە پەروەردگارخۆی دەفەرموێ: إِنَّمَا التَّوْبَةُ عَلَى اللَّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السُّوءَ بِجَهَالَةٍ، ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ فَأُوْلَئِكَ يَتُوبُ اللَّهُ عَلَيْهِمْ، وَكَانَ اللَّهُ عَلِيماً حَكِيماً النساء/17. خوای گەورە تەوبەو پەشیمانیی لەو كەسانە وەردەگرێ كە بەنەفامی و نەزانی گوناه و نادروستی ئەنجام دەدەن و پاشان بەزوویی پەشیمان دەبنەوە و تەوبە دەكەن، ئەوانە خوا تۆبەیان لێ وەردەگرێت، وخوا بەردەوام زاناو كار بەجێیە.
هەرچی لەپێش مردنا بێت نزیكە، خێرابە تەوبە بكە، و ئومێد بە تەمەن درێژی لەناوت نەبات، ئەگەر زوو پەشیمان ببیتەوە و تەوبە بكەی رەزای خوا بەدەست دێنی، چاولە باپیرەی هەموان حەزرەتی ئادەم بكە، هەر لەگەڵ هەستی بە گوناهەكە كرد هەوڵی دا قۆناغەكانی وازلێهێنانی ببرێت، لا تَجُوعُ فِيهَا وَلا تَعْرَى، وَأَنَّكَ لاتَظْمَؤُا فِيهَا وَلا تَضْحَى، فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشيطانُ قالَ: يا آدمُ هلْ أدلكَ عَلَى شَجَرَةِ الخُلْدِ ومُلْكٍ لا يَبْلَى؟ طه/120. ئادەم لەبەهەشتابوو نە رووت دەبوو نەبرسی، نەگەرمای دەبوو نەتینوو، ئەوەبوو شەیتان خنەخنەی داو پێی گوت: ئەرێ داری جاویدانی و موڵكێكی لەناو نەچووت پێ پیشان بدەم ؟!. وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ، فَدَلاَّهُمَا بِغُرُورٍ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْءَاتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ الْجَنَّةِ الأعراف/21. شەیتان زانی كە ئادەم و حەووا ترسێكیان هەیەو دوودڵن سوێندی بۆخواردن كە من دڵسۆزتانم و ئامۆژگاری خێرتان دەكەم، تا بەفێڵ و پیلان رێنوێنی كردن و كەتنەكەی پێدان، و لەبەری ئەو درەختەی پێ خواردن كە خوا لێی قەدەغە كردبوون، خوایش هەموو عەیبوعاری دەرخستن و هەرچی هەوڵیان دەدا بە گەڵاو گوڵی درەختەكان خۆیان دابپۆشن بێ سوود بوو، شەیتان بووە هۆی ئەوە لەناو ناز و نیعمەتی بەهەشتا دەربكرێن..خوا لەبارەیانەوە دەفەرموێ: وَلَقَدْ عَهِدْنَا إِلَى آدَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُ عَزْمًا. طه/115. بێگومان ئێمە پێشتر پەیمانمان لە ئادەم وەرگرت(كە نزیكی درەختی قەدەغە كراو نەكەوێ) كەچی لە بیری چوو، و عەزمێكی پتەومان لێ نەبینی..
ئەوەبوو كە ئادەم و حەووا زانییان فەرمانی خوایان شكاندووە، وئەو گوناحەیان كردووە، لەكردەی خراپی خۆیان پەشیمان بوونەوە وبە گەردن كەچییەوەو بە دڵ و دەروونێكی سافەوە روویان كردە پەروەردگاریان و قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ الأعراف/23. گوتیان: پەروەردگاری ئێمە! بەفەرمان شكەنی تۆ ستەممان لەخۆمان كرد، و ئەگەر بەمیهرەبانی خۆت لێمان خۆش نەبی، و بەزەییت پێمانا نەیەتەوە، بەراستی لەریزی زیان لێكەوتووانا دەبین.
ئەی برا! پەشیمانی لەو خراپەی لێت روو دەدا، یەكەم هەنگاوی بنەرەتی رێی تەوبەیە، خێرابە، تا زووە بەدڵ لەوخراپەی رووی دا پەشیمان بە، و بەگەردنی كەچی و بەدەستی داواوە نزابكەو لەخوا بپارێرەوە و داوای لێ خۆشبوونی لێ بكە، پەشیمانی خۆی لەخۆیا تەوبەیە، هەنگاوی دووەم لەخوا پارانەوەیە، هەروەك ئادەمی باپیرمان لەگەڵ پەشیمان بوونەوەكەیدا لەخوا پارایەوە، سێ یەمیان ئەوەیە كە خوا تەوبەی نەسووح قبوڵ دەكات، واتە تەوبەیەك بەدڵ بكرێت و لەناخی دەروونەوە بریاری دابێ جارێكی تر نەگەرێتەوە سەری.وەك نەگەرانەوەی شییر بۆ ناو گوان..
ئالێرەدا برادەرەكەم پێی گوتم: ئەی ئەگر جارێكی تر ونووچم دا و هەڵەم كرد و سەر سمێكم دا؟
گوتم: بەهەمان عەزمی پێشووەوە تەوبەكەت نوێ بكەرەوە، چونكە خوا هەرگیز لە تەوبەی عەبدی خۆی مەلوول و بێ تاقەت نابێ، لەبیرت نەچێ برام بۆ ئەوەی خوا كردەوە خراپەكانت بۆ بگۆرێ بەچاكە دەبێ پاش تەوبەكەت كردەوەی چاكە ئەنجام بدەیت. ئەوەتە خوا دەفەرموێ: بەراستی من لێبوردەم لەوەی تەوبە دەكات، و باوەر دێنێت، و كردەوەی چاكە دەكات، و لەسەر چاكەی بەردەوام دەبێت. وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحاً ثُمَّ اهْتَدَى . گە/82. ئەوەی تەوبەدەكات و باوەر دێنێت، و كردەوەی چاكە دەكات ئەوانە خوا خراپەكانیان بۆ دەگۆرێت بەچاكە، وخوایش بەردەوام لێبوردەو دلۆڤانە. مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلاً صَالِحاً فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَّحِيماً . الفرقان/70.
رۆچوون لەخۆشی دنیادا وەك خواردنەوەی ژەهر وایە، و تۆبەش دەوایەتی، تاعەت لەش ساغی و تەندروستییە، تەندروستییەك بەردەوام بێت چاترە لە تەندروستییەك ناوبەناو نەخۆشی و خواردنەوەی ژەهری تیا بێت، تەندروستییەكیش ناوبەناو نەخۆشیو خواردنی ژەهری تیا بێت چاترە لە نەخۆشییەكی بەردەوام.. ئەوەی خۆشەویستی پلەی كەماڵی نەبێت و نكولی لێ بكات، خۆی بەخوار تر دەگۆرێتەوەو بە بێ نرخی دەمێنێتەوە..
ئالەوكاتەدا سەیری رووی هاوەڵەكەم كرد دیتم ئارامی رووی تێكردووە، دڵنیایی لەروویا بەدی دەكرێ، لەو حاڵەتە ترسەی هێواش بووەوە، و منیش بە بزەیەكەوە پێم گوت: براكەم! ئەی ئەوەی سەرزەنشتی دەروونت دەكەیت، بگەرێرەوە بۆ لای پەروەردگارت و داوای لێ خۆشبوون و بەزەیی لێ بكە چونكە خۆی فەرموویەتی: رەحمەتم هەموو شتێكی گرتۆتەوە. وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ الأعراف/156.
رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْماً فَاغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ غافر/7. فریشتەكان دەڵێن: ئەی پەروەردگاری ئێمە!رەحمەت و زانیاری تۆ هەموو شتێكی گرتۆتەوە، تكات لێ دەكەین لەوانە خۆش

ببە کە تۆبەکارن، ولەگوناهیان پەشیمان دەبنەوە، و شوێن بەرنامەو رێبازی تۆ دەکەون. و لەئاگری جەهەننەمیش بیانپارێزە.